# ئێمه دەمانبەخشی له سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- چوار گوێل له خواردن، یان چوار گوێل له جۆ، یان چوار گوێل له کەشکەک، یان چوار گوێل له مێوژ (کشمیش)، واته: له زەکاتی سەرفیتره

له ئەبی سەعیدی خودریەوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئێمه دەمانبەخشی له سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- (مەبەستی زەکاتی سەرفیترەیه) چوار گوێل له خواردن، یان چوار گوێل له جۆ، یان چوار گوێل له کەشکەک، یان چوار گوێل له مێوژ (کشمیش)، : واته: له زەکاتی سەرفیتره، کاتێک موعاویه هاته سەر فەرمانڕەوایی وگەنمی شام هات بۆ ناو شارەکان، موعاویه ووتی: پێم وا بێت یەک گوێل لەمەی ئێستا به گوێرەی دوو گوێله. ئەبو سەعید دەڵێت: بەو شێوەیه زەکاتی سەرفیترەم دەردەکرد هەروەکو چۆن له سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەرمکرد.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو سەعید -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت کەسانێک زەکاتی سەرفیترەیان دەدا له سەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەویش به صاعێک (چوار گوێل -دوو کلیۆ ونیو بۆ سێ کلیۆ- بۆ یەک کەس) له خۆراک، وکاتێک موعاویه -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ مەدینه له سەردەمی خیلافەتەکەیدا، ووتی: وا دەبینم که نیو صاع له گەنمی شامی یەکسانه به صاعێک له خۆراکەکانی تر، بۆیه له خۆراکەکانی تر زەکاتی سەرفیتره صاعێک دەبێت، وله گەنمی شامی نیو صاع دەبێت، وئەمەش ئیجتیهادێکه له لایەن ئەوەوه که هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییه، وئەم جۆره گەنمه پێی دەووترێت: (السمراء)، وئەوەش وای له موعاویه کرد که ئەم فتوایه بدات؛ چونکه بەنرخترە وجۆرەکەی باشتره لای خەڵکی له خورما وجۆر وبەرهەمی تر، بۆیه خەڵکی ڕای ئەمیان وەرگرت، بەڵام ئەبو سەعید ئینکاری کرد لەم فەتوایه، وبەردەوام بوو لەسەر دەرکردنی زەکاتی سەرفیتره به صاعێک له خواردن له هەرجۆرێک بێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەری دەکرد ئەمەیش وەکو شوێنکەوتنێک بۆ سونەت، وئەندازەی صاعێک به گوێرەی دوو کیلۆ ونیو بۆ سێ کیلۆیه.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4454

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee